راگەیەندراوی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرگریی شارستانیی هەرێم لەبارەی ئەو تەرمانەی لەسەر زێی گەورە دۆزراوەتەوە

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرگریی شارستانیی هەرێم رایگەیاند، ئەو تەرمانەی لە سەر زێی گەورە دۆزراوەتەوە، بە پشکنین و وەرگرتنی نمونەی DNA و دیاریکردنی چارەنوسی دەهێندرێتەوە.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرگریی شارستانی هەرێم، لە راگەیەندراوێکدا وتی، ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە تەرمێک لە نزیک گوندی ئیستریان لەسەر زێی گەورە دۆزراوەتەوە. لەسەر فەرمانی وەزیری ناوخۆ تیمێکی هاوبەشی تەندروستی هەولێر و پزیشکی دادی و بەرگری شارستانی و بەڕێگەکانی تاوان فەرمانیان پێ کراوە کە تەرمەکە بە شێوەیەکی زانستی هەڵبگرنەوە و بە پشکنین و وەرگرتنی نمونەی DNA و دیارکردنی چارەنوسی دەهێندرێتە هەولێر.

ئەوەشی خستەڕوو، داواکارین راگەیاندنکان چاوەڕوانی لێدوانی فەرمی بن.